

# نوکتەی ئەدیبانە



## گیابەند

یەکێك لە هاوەڵان لە زانکۆی سلێمانیی دەیویست دکتۆرا لە ئەدەبدا وەربگرێ.. لەمەشیان گێڕایەوە، چووین تا ئاگامان لەوتووێژەکە بێ، هەڵسەنگاندنی نامەکە دوو سەعاتی پتر خایاند.. بۆ پشوویەك وەدەرکەوتین.. تا نامەکە بقەبڵێنن، ئێمەش لەتەك خاوەن نامەو ع.ع.شەونم هاتینە دەرێ. کاك ع.شەونم لەناو ئەدیباندا پیاوێکی قشەخۆش و مەجلیس شیرین و ئەربابە.. گلەیی لە کاك فازڵ مەجید ئەوەبوو لەسەریناکەنەوە.. بە بەرچاوی خۆی و خەڵکەوە شیعرەکانی دەبەن و لێرەو لەوێ بەناوی ئەمو ئەوەوە بڵاودەبنەوە، کەسیش هیچ ناڵێ! ع.شەونم زۆر بە دڵگەرمییەوە.. بەو دەنگە کەرخ و گرەیەوە دەدوا.. منیش لەسەر خۆ گوتم:

**–ئەو سەغڵەتییەی ناوێ.. کێن ئەوانەی شیعرت لێدەدزن؟ بۆ ئاشکرایان ناکەی؟ کاکە.. ئەگەر ژن وژاڵن حەواڵەی منیان کە! ئەگەر پیاویشن بۆ خۆت خەریکیان بە!**

بەو پێکەنینە خۆشەوە کە پێیڕاهاتووە وەڵامیدامەوە:

**–بۆچی بۆ خۆم چیمە؟ دەردمە! وەڵلا حەواڵەی تۆیان ناکەم.**

وتم:

**دەی کەوایە با گورزو گۆپاڵت ببینن!**

* * *

ئێوارێیەکی ساڵی 1993 ئەولای کانی وەتمانێ کوتی:

–ئیمشەو وەرە لای مە، کارەبامان ناکوژێتەوە.

(ئەوسا شار نیوە بەنیوە کارەبای دەدرایە!)

**–بۆ موەلیدەت کڕیوە؟**

–نە ء.

**–سەر بەختی مەسئولانی؟**

–ئەوەش نییە!

**–ئەدی چ فێڵێکە؟**

کوتی:

–دراوسێیەکمان هەیە ئەوان هەیانبێ ئێمە نیمانە.. ئەمە نەمانبێ ئەوان رووناکن! فێرین شەوانە بەیەکدیا دەکەین!

تاوێك پێکەنیم..پاشان بەجەفەنگەوە کوتم:

**–تۆ بەوانیداکەی قەدێناکا، بەڵام قایلم نییە ئەوان پێتداکەن! دەترسم بەو تەمەنەوە فێربی و وازیلێنەهێنی!**

کوتی:

–خواگیر! ئەمە لە کارەبا دەدوێین و ئەتۆ لە کوێی بەعەرزیدا دەدەی!

* * *

هەندێك هەن، دیارە کەمیش نین، لەسەر سفرەی دۆست و ناسیاوو نەناسیاو باش دەلەوەڕێن.. بەڵام لە ماڵی خۆیان وەك سندمیان لەزاریدا بێ پارویان چاك بۆ رۆناچێ.. یەکێك لەوانە رۆژێکی تەقڵە کوت هات، هەر لەدوور ڕا قرقێنەی دەدایەوە..کوتی:

–زۆر تێرم!

کوتم:

**–دیارە لە ماڵان بووی!**

–بۆچی نانی خۆم پێناخورێ؟

**–پێت دەخورێ.. بەڵام ئاوانا، قرقێنە ببژێری و بەدوو ساردی گەدو گیپاڵت دانەمرێتەوە!**

* * *

کاك هەمزەی ئاریا گێڕایەوە:

برایماغای عەنبار یەکێك لە ئاغا قسەخۆش و مەجلیس شیرینەکانی کوردستانی ئێرانێ.. دوای ئەوەی ئاغا چکۆڵی کوڕی تەمەنی بۆ بابی و کەسوکاری جێدەهێڵێ.. ماوەیەك دەگوزەرێ، رۆژێکی، مەلایەکی بێباراش لێی وەژوور دەکەوێ.. دوای سڵاو دەڵێ:

**–برایماغا خەونم بە ئاغا چکۆڵییەوە دیوە؟**

برایماغا دەڵێ:

–لە کوێیە؟

**–قوربان لەبەهەشتێیە، پا نەو پان دەسووڕێتەوە.**

–ئەدی توڵەو تانجییەکەی. گەش و گۆڵن.. ئەسپەکەی ماوە؟

**–ریشووی ئاوریشمی بەسەرەوەیە.. هەر دەڵێی رەخشی رۆستەمییە.. دەستە دەستە بەهەشتیی دەهاتن تا چاوی لێکەن!**

–مامۆستا مزگێنیت دەکەوێ.

برایماغا بانگی پیاوێکی دەکا.. تا بارێك باراش بۆ مەلای سازکەن و لەگەڵی بڕۆن.

دوای دوو سێ ساڵ لەگەردەنەی زمزیران رۆژێکی بەفرانباری تووش، تووشی مەلا دێتەوە.. دوای چاك و چۆنی.. پێی دەڵێ:

–مەلا خەونت بە ئاغا چکۆڵییەوە نەدیوە؟

**–نە ء!**

–بە خولای لەنێو ئەو بەفرەی دەبێ خەونی پێوە ببینی.. بزانم چۆنە!

هەرچەند مەلا هاوار دەکاو دەڵێ، کاری کردنێ نییە، برایماغا نایبیسێ.. پاشان مەلا بەهانە دێنێتەوە:

–سەرمایە!

برایماغا بانگ دەکا کوڕینە، جل بە مەلادا دەن. باخەونێکم بۆ ببینێ.. مەلا تاوێك بێدەنگ دەبێ و هەست و خوستی لێنایە. برایماغا بە گوێیدا دەچرپێنێ:

–مەلا خەونت پێوە دی؟

**–بەڵێ!**

برایماغا مستێك تمەنی دەداتێ و مەلا لێی دەداو دەڕوا. برایماغا دەیەوێ مەلا تێگەیەنێ خەوەکەی پێشووشی هەر بۆ باراش بوو.

* * *

ئەولای هاوڕێم ئەم بەهارە تەڕو توڵە گەڕایەوە بۆ کوردستان.. باری خۆی بە نەزیلەو نەقڵی خۆش گران کردبوو! گێڕایەوە:

–لەشەو نشینییەکدا لە مەهابادێ لەگەل مامڵێ (گیانی شادبێ) کەوتینەوە پەنا یەك.. دوای دوو سێ جار لێو لێدانێ، لە بادەو، چەند گۆرانییەك لە مامڵێ.. کەوتینە سەر قسەی خۆش.. مامڵێ کوتی:

**–پەنجا ساڵێك لەگەڵ ئارەق خۆرانم گوزەراند ئیرادێکم (عەیبێکم) لێنەدین،. چوار پێنج ساڵێکە ملم لە نوێژان ناوە ساڵ نییە لە مزگەوتێکی کەوشێکی نوێم لێنەدزن! ئاوا بڕوا رەنگە ژێوان بمەوە!**

* * *

کاك عەلی بۆسکانی یادی بەخێر، پیاوێکی ئەدەب پەروەر، دووکانەکەی یان ئەدیبێکی لێدەدیترا یا کۆنە سیاسی! بەتایبەتی چەپەکان.. ئەو دڵی پتر بەوان دەکرایەوە، رۆژێکی گێڕایەوە:

–ماوەیەکە لەگەڵ (ف)ی هاوەڵمان خەریکین ژن بێنێ.. بە حاڵێکی هەتا بۆمان نەرم بوو..بەڵام مەرجێکی هەیە.. دەڵێ:

**–لەبەر خاتری ئێوە دەیهێنم، بەڵام دەبێ یەکێکی وابێ ئەگەر لە مانگێکدا جارێ چوومە لای بڵێ ئەوە چییە هەتیو بووی بە چۆلەکە!**

کاك عەلی کوتی:

–بەینێکە لە یەکێکی ئاوا دەگەڕێین!